به بۆنەی کۆچی دوایی کتوپڕ و دڵتەزێنی لاوی خۆشەویستمان شەوبۆ ئێلخانیزادە لە ڕۆژی شەممە ٢٠٠٤/٦/١٢ لە شاری وێستێرۆس پرسەی ماتەمینی بەڕێوەچو کە لە و ڕێو ڕەسمەدا بە نۆێنەرایەتی هەردو بنەماڵەی رەحیمی و ئێلخانیزادە وە ؛ دوکتۆر رەحیمی خاڵی شەوبۆ ئێلخانیزادە ئەم وتارەی پێشکەش کرد ؛

بەڕێزان.

بە نۆێنەرایەتی لە لایەن خوشك ودایك و بابی گوڵەسورەی خۆشەویستی لە دەستچومان شەوبۆی ئازیزمان و هەروەها بە نۆێنەرایەتی بنەماڵەکانی رەحیمی و ئێلخانیزادە وە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ پرسە و سەرەخۆشی شەوبۆمان؛ بەشداریتان لەو پرسە و سەرەخۆشیە دا باری خەمی لێ سوك کردوین،

مەرگی جوانان برینێی قورسە و ژانی گران و جەرك بڕە ؛

لەدەست چونی شەوبۆ و مەرگی ناوەخت و جەرگ بڕی ئەو گوڵە سورەمان برینێکی واقورسی لە دڵی خوشکی لفەودونەی (ئەسرین) و دایك و بابی دادروست کردوە کە تادەژین لەبیریان ناچێتەوە.

ئەو برینە جەرگبڕە هەروەها لە دڵی هەمو دۆستان و هەواڵانی شەوبۆ و بە تایبەتی ئەندامانی بنەماڵەکانی دایك و بابیدا وە لەونا ئێمەشدا بەتایبەت لە دڵی ناسك و پاکی گەنجەکانماندە دروست بووە؛ برینێکی پڕژان و قوڵ کە هەتا هەین لە گەڵمانە و بە داخەوە هیچ دەرمانی نیە.

شەوبۆی خۆشەویستم دەنگە پڕ سۆزە و هەستەکەت هەر لەگۆێمدا دەزرینگەتەوە کە دەتکوت

خاڵە دوکتوردەرسم تەواو کردووەو هاتومەتەوە هەفتەیەك لەلای ئێوەبم و دوایە دەچمەوە کوردستان و دایك و بابم لە گەڵ خۆم دەێنمەوە خاڵە دوکتوردایك و بابم دەبی لە ١٤ ی یولیدا لە گەڵم بێن بۆجێژنی ئێگزامینەکەم لە ئێنگلیز. ئەگەر نەیەن قەتیان نابەخشم؛

تۆ مەزهەری ژیان و سەرزیندویی و شادی بوی؛ لە هەمو جوڵانەوەیەکت دا هیوای داهاتو دەباری و هەزار ئاواتت لە دڵ دا بو و هەزار بەرنامت بۆ داهاتو بو؛ خۆشەویستی هەموکەس بوی؛

کە چی ئێستێ ئازیزەکم من ؛ خاڵە دوکتوری تۆ خەریکم بەخێرهاتنی هەواڵانت دەکەم کە هاتون باری گرانی ژانی جەرگبڕی نەمانی تۆمان لێ سوك بکەن ؛ دەك زۆر بەخێربێن هەواڵان ؛

دەزانم کە هەمو سلێمانیش لە بۆ سوك کردنی ژانی جەرگبڕی لە دەستچونی تۆ هاتنە یارمەتی ئەسرین وجەمیلە و عومەر ؛ گەرچی ئاواتی خوشکت و دایك و بابت ئەوەبو کە سەر قافڵەی کاروانی شاییت بن و بەدرەقەی ڕێگات بن بۆ ماڵی شایی و ژیان کەچی چەرخی چەپگەرد ئەوەی پێ ڕەوا نەدین و کردنیە سەرقافڵەی کاروانی ماڵاوایی یەکجاری و بۆ هەمیشەی تۆ بۆ تەنیایی ساردی گۆڕ.

شەوبۆی خۆشەویستم بەو هەمو ئێمکاناتەی لە ئێختیاری تۆدابووە لە کاتی چارەنوس سازی ژیاندا؛ بەشی تۆ هەرلە سەرەتای دەستپێکردنی ژینت ڕالە دەست پێڕانەگەشتن بەو هەمو ئێمکانیات دا بو. کاتێ کە کاتی لە دایك بونتان لە گەڵ هەواڵت ئەسرین گەیشت بە ماشێنیکی جیپ بە ڕێگای پڕ چاڵ و چۆڵی دیهاتی موکوریاندا دایکە پێشمەگەکە تیان گەیاندە عیلم ئاوا و بە بێ ئێمکانات ترین شێوە لە بیمارستانی کۆمەڵە لە داوێنی کێوی تەرەغەی سەربەرز لە دێی عیلم ئاوا بە نەشتەرگەری سێزاریەن هاتنە دنیاوە و ژیانتان لە ناو کۆری پێشمەرگەی کۆمەڵەدا

به بێ ئێمكاناتی ژیانی پێشمەرگەوە بەڵام لە ناو دەریایەك لە خۆشەویستی دادەست پێ كرد ؛
هەل و مەرجی ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی بۆ دایك و بابت بوە هۆی ئەوەی كە بۆ ماوەی چەند ساڵ تۆو ئەسرین لێك هەڵبرێن و تۆلە ماڵی باباغای دایكت ولە گەڵ دایە خانمت و لە گەڵ بنەماڵەی خاڵە جەماڵت دا گەورە بوی بۆیە داخی لە دەستچونت بە تایبەت بۆ دایە خانمت چەند بەرابەرە؛
بە هاتنتان بۆ سوید دوبارە لە گەڵ ئەسرین یەكتان گرتەوە و ڕێگای سەركەوتنتان بۆ هەموار بو و تۆ پاش تەواو كردنی ژیمناسیەت لێرە بۆ خوێندن چویە ئێنگلیس و تەنیا كەمتر لە مانگێك لەمەوبەر خوێندنی زانكۆت لە ئێنگلیس تەواكرد و بە هەزار ئاوات و بەرنامەی داهاتوی ژیان بۆ سەردانی دایك و بابت بەرەوكوردستان كەوتیتە ڕێ و جارێكی دیكەش لە دەریای پڕ ئێمكانیاتی سوئێد و ئۆروپاوە كوەتیتە بێ ئێمكاناتی كوردستان ؛ لە نیوەشەوێكی تاریك دالە چۆلەواری سنوری دەستكرد لە نیزیك شاری زاخۆ و وەك ڕۆژی لە دایك بونت كەوتیتە بەر هەلو مەرجی تایبەتی نەبونی ئێمكاناتی پزیشكی و برینی قورسی جەرگەكەت جەرگی هەموانمانی بڕی وكۆتری سپی روعت بەرەو یەزدان باڵی كێشاو بوی بە دراوسێی باباغات و ئێمەت جی هێشت ؛

شەوبۆ گیان تۆ هەمو كات ڕەمزی ژیان و شادی و گەشبینی بوی ؛ بڕوانە گەنجەكانی بنەماڵەكانمان ؛ خاڵۆزاكانت پورزاكانت ئامۆزاكانت و هەمو هەواڵانت كە لێرەن ؛ ئامادە نەبون ڕەشپۆش بن؛ هاوڕێیانت دەڵێن بۆ شەوبۆی كوتری سپی گەشبینمان نابی ڕەشپۆش بین بەڵكو دەبی سپی پۆش بین بۆ ئەو گوڵە سورە بە ناوەخت هەڵوەریوەمان چونكە ئێمە بۆ تۆی شەوبۆی خۆشەویستمان شایی و شینمان تێكەڵ كردوە؛

**جارێکی دیش هەمو لایەك بەخێر بێن .**

**دوکتۆر موحەممەد رەحیمی**